## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بــەنــاوی گــەلــەوە**

**پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

پشت بە حوكمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار كراوو ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، پەرلەمانی كوردستان – عێراق لە دانیـشتی ئاسـایی ژمـارە (٣٠)ی رۆژی ٢٠١١/٦/٢٧ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا :

## یاسای ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١١
## یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان
## ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی كوردستان

**ماددەی یەكەم :**

بەندی (١، ٣) لە بڕگەی (یەكـەم) لـە مـاددەی چـوارەمی یاسـاكە هـەموار دەكرێـت و بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێندرێتەوە :

١. هاوڵاتی كوردستان - عێراق بێت یان نوێنەرایەتی گەلی كوردستان بكات لـەو پەرلەمانانـەی كـە ئـەم یاسـایە دەیگرێتەوە .

٢. ئەندام بێت ، یان ئەندام بووبێت لە خولی لە خولەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا یان لە كۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی یان ئەنجومەنی نیشتمانی كاتی عیراقدا ، دوای رووخـانی رژێمـی پێـشوو لـە سـاڵی ٢٠٠٣ و ئەوانـەی نوێنەرایەتی گەلی كوردستان دەكەن .

**ماددەی دووەم :**

سەرەتای ماددەی شەشەم هەموار دەكرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

دەستەی گشتی هەر چوار ساڵ جارێك بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی یەكێتیەكە یـان زۆرینـەی نوێنـەركانیان كۆنگرەی خۆی دەبەستێ بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە .

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ .

**محمد قادر عبدالله**
**( د.کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

## هۆیە پێویستیەکان

بەمەبەستی پەرەپێدانی و باشتر کردنی کاری کارگێری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان و چەسپاندنی بنـەماکانی دیموکراسی و کاری مەدەنی ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**
**دیـــــــوان – ژمارە : ٤٣٥ لە ٢٠١١/٧/١٩**

بەپێی ماددەی (دەیەم / یەکەم / ٢)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ ، بەدەرچوو دادەنرێن لەبەر ئەوەی جەنابی سەرۆکی هەرێم لەماوەی یاساییدا پێی نەکرا واژووی بکات .